حکومەتی هەرێمی کوردستان _ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی/ جوگرافیا

# بابەت:چەمک و پێناسەی جوگرافیای سیاسی و هۆکارەکانی سەرهەلدان و گەشەسەندنی

ئامادەکردنی :محمد عبدالفتاح

سالی خوێندنی : 2022-2021

# ناوەرۆکی سیمینار

1:چەمکی جوگرافیای سیاسی
2:پێناسەی جوگرافیای سیاسی
3:گەشەسەندنی جوگرافیای سیاسی
٤:هۆکارەکانی سەرهەلدانی جوگرافیای سیاسی

# چەمکی جوگرافیای سیاسی

بەکارهێنانی دەستەواژەی جوگرافیای سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەڵمانی (کانت 1724-1803) ئەم زانایە بە باوکی جوگرافیای سیاسی دادەنرێت

کانت لە وڵاتەکەی خۆیدا ژمارەیەك خوێندکاری لەبەردەستدا پێگەیشت، وەکوو (کارل ریتەر 1779-1859 و فردریك راتزل 1844-1904)

راتزل کتێبێکی دانا بەناوی (جوگرافیای سیاسی) راتزل وای بۆ دەچوو کە سنوورەکانی دەوڵەت دەشێت گەشە بکەن، یان بترازێن هەتا دەگەنە سنوورە سروشتیەکەی خۆیان، یان ئەویش ببەزێنن گەر لە دەور و دراوسێوە بەرگری نەبوو، هەر ئەویش دروستکەری راستەقینەی ئەم لقەی جوگرافیا بوو.

## بە کوورتی:

- جوگرافیای سیاسی لە بابەتێکی تیۆرییەوە گەشەی کردووە بۆتە بابەتێکی پڕاکتیکی بەسوود، نەخشە بۆ ژیانی سیاسی مرۆڤ دادەنێت،سنووری ئیداری،سنووری دەریایی،سنووری ئاسمانی،سنوورە کولتوورییەکان،سنوورە سروشتیەکان،سنووری ئەندازەی .......هتد




# پێناسەی جوگرافیای سیاسی

چەند زانایەک بە چەند شێوازێک پێناسەی جوگرافیای سیاسیان کردوە لەوانە :



1. هارتشۆرن : جوگرافیای سیاسی ئەو زانستەیە کە بایەخ بە جیاوازی دیاردە سیاسیەکان دەدات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، ئەو جیاوازیانەش دەبەستێتەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە لەسەر ڕوی زەوی ڕویان داوە ، بەتایبەتی لەو شوێنەی مرۆڤی لەسەر دەژی.



2. ئەلێکساندەر دەڵێت : جوگرافیای سیاسی بریتیە لە باسکردن و شیکردنەوەی ناوچەیەک یان ڕوبەرێك لە زەوی کە ڕێخراوێکی ڕامیاری تێدایە یان کیانێکی سیاسی هەیە و پەیوەندی ئەم کیانە بە هاوشێوەکانی ڕوون دەکاتەوە.



**3. ویگەرت دەڵێت: ئەم زانستە لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەکۆڵێتەوە لەگەڵ بایەخدانی تەواوی بۆ ڕوونکردنەوەی  ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان هۆکارە جوگرافیەکان و گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسیەکانەوە هەیە**




**4. عبدالمنعم عبدالوهاب دەڵێت: ئەم زانستە بایەخ بە یەکە ڕامیاریەکان و شوێنەوارە جوگرافیەکانیان لە جیهاندا دەدات و شیکردنەوەی گونجاو بۆ پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتان لە چوارچێوەی  هێزدا دەدات.**

# جوگرافیای سیاسی




# جوگرافیای هەرێمی

Potential Vegetation




Data taken from: Ramankutty and Foley 1999

Atlas of the Biosphere
Center for Sustainability and the Global Environment
University of Wisconsin - Madison

# گەشەسەندنی جوگرافیای سیاسی

**جوگرافیای سیاسی وەك بیرۆكە كۆنەو مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دووهەزارسال لەمەوبەر كە لە نوسینەكانی هەندێك لە فەیلەسوفەكانی وەك (هیرۆدۆت ، ئەفلاتون ، ئەرستو ، ئیبن خەلدون) رەنگدانەوەی هەبووە.**

**بۆ نمونە:**

**هیرۆدۆت (425 – 485پ ز) : ئاماژەی بە ڕۆڵی هۆكارە جوگرافیەكان كردووە لەسەرهەڵدانی چینە كۆمەڵایەتیەكان، ناوبراو پێی وابووە كە ناوچە دەشتایی و تەختاییەكان پیاوی لاواز پەروەردە دەكەن و بەردەوام ئەوانە دەبنە ژێر دەستە**



ئیمانۆئێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٣)

➢بەکارهێنانی دەستەواژەی جوگرافیای سیاسی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم لەلایەن فەیلەسوفی ئەلمانی (کانت) ئەم زانایە بە
باوکی جوگرافیای سیاسی دەناسرێت.



کارل ریتەر (١٧٧٩-١٨٥٩)

➢لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم (کارل ریتەر) کە مامۆستای جوگرافیا بوو لە زانکۆی بەرلین گرنگی دا بە لێکۆلینەوە لە کاریگەری ژینگە بۆ سەر رۆشنبیری نەتەوە.

➢له سەرەتای سەدەی بیستەم  گۆران له جوگرافیای سیاسی رویدا لەسەر دەستی (فریدریک راتزل)ی ئەلمانی ، که به دامەزرێنەری جوگرافیای سیاسی نوێ دادەنرێت چونکه کتێبی (جوگرافیای سیاسی )راتزل له سالی ١٨٩٧ یەکەمین کتێب بووه لەو بوارەدا و ئاماژەی به فاکتەرەکانی روبەر و شوێنی جوگرافی کردووه که فراوانی رووبەری هەر ولاتێک نیشانەی توانای سیاسی هەر دەولەتێکه .



فریدریک راتزل (١٨٤٤-١٩٠٤)

➢ چەندین زانا و جوگرافیاناسی تری ئەوروپی لە دوای راتزل گرنگیان بە بواری جوگرافیای سیاسی داوە وەکو رۆدۆلف کیلینی و کارل هاوسهۆفەر و هتد...
دواتر زۆرێک لە زانا و جوگرافیاناس لە ولاتەکانی تر کەوتنە ژێر کاریگەری بیروباوەری زانا ئەورووپییەکان بە تایبەت کانت و قوتابیانی هەر بۆیە چەندین لێکۆلینەوەیان لەبارەی خاک ، سنور ، رووبەر ، پایتەخی دەولەتان ئەنجامداوە و هەر ئەو لێکۆلینەوانەش بوونە هۆی فراوانبوون و گەشەسەندنی جوگرافیای سیاسی لە هەموو جیهان .



# هۆکارەکانی سەرهەلدانی جوگرافیای سیاسی

1:گەڕان و گەشتکردن و دۆزینەوە جوگرافیەکان

2:زیادبوون و گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوان

3:سەرهەلدانی کێشە سیاسییەکان

4:سەرهەلدان و زۆربوونی پێویستییەکانی دەولەت وەک:
*لێکولینەوە لە سەرچاوە سروشتی و مرۆڤییەکانی دەوڵەت و دەرخستنی گرینگیان و شێوازی دابەش بوونیان.
*لێکۆلینەوە لە پەیوەندی ولات لەگەل وولاتانی دەوروبەروی.
*لێکۆلینەوە لە گەشەی دەوڵەت و هۆکارانەی.
*لێکۆلینەوە لە سنوری دەولەت و هتد...

# سەرچاوەکان

هاوڕێ یاسین محمدامین ، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیک ،چاپی دووەم ،چاپخانەی تاران ،٢٠١٥

سەفین جلال فتح الله ، بنچینەوبنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی ، نارین ، هەولێر،٢٠١٤

معرّفی جغرافیای سیاسی
https://geography.ut.ac.ir/

تاریخچه جغرافیای سیاسی
http://www.persiangulfstudies.com/fa/pages/696

مفهوم جغرافیای سیاسی
https://fa.m.wikipedia.org/wiki